## سەبارەت بە بڵاوکراوەی رۆژی 2006/9/28 گروپی نارازی ئەم راستیانە دەخەینە روو.

-1 ئەو خاڵەی کە گوایە سەرۆکی رێکخراوەکە لەگەڵ پۆلیس وئاسایشدا رێی لی گرتوون بێنە ناو بارەگاکەوە ئێمە ئەم راستیانە دەخەینە روو کە هەمووی بە ڤیدیۆ تۆمار کراوە وە بەر لەهەموو شتێك ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای رێکخراوە نوی یەکە لەوی بوون، ئەو گروپە کە گەیشتنە بەر بارەگای رێکخراوەکە داوامان لی کردن کە (5) کەسیان وەك نوێنەر بێنە ژورەوە گەر یاداشتنامەیەکیشیان هەبی با قسەی لەسەر بکەین، فعلا هاتنە ناوەوە دواتر وەستان ووتیان با هەمویان بێنە ژورەوە.... ئێمە دوو پرسیارمان لێکردن سەبارەت بە بڵاوکراوەی 2006/9/24 وەداوای وەڵامان لی کردن چونکە ئەوان رۆژی 2006/9/24 بڵاوکراوەیەکیان بڵاوکردوەتەوە بە ناوی (24) کەسەوە دەڵێن ئێمە پەیوەندیمان بە یەکێتی هونەرمەندانی کوردستانی گەندەڵ پچڕاند، دواتریش ئەوەیان راگەیاندوە کە دەچنە ناو بارەگاکەوە مانی تێدا ئەگرن و ناچنە دەرەوە، سەرەتا ئەیانوت ئەوە رای ئێمە نیە میدیاکان بڵاویان کردوەتەوە ووتمان ناوی ئێوەی پێوەیە... ؟ ووتیان هی ئێمە نیە دواتر پرسمان کرد ئێوە خۆتان بە ئەندامی ئەم رێکخراوە نوێ یە دەزانن گەر وایە فەرموون وەرنە ژورەوە بەهیچ جۆرێك نەیانوت بەڵی... دووبارە پرسمان کرد هاتوون بۆ گفت وگۆ یان مان گرتن لەناو بارەگاکەدا دیسانەوە وەڵامیان نەبو... خۆیان واتە ئەو (5) کەسە بەویست و ئارەزوی خۆیان چونە دەرەوە ئێمە داوامان لی نەکردوون بچنە دەرەوەو پۆلیس وئاسایش بەهیچ جۆرێك تدخلی نەکردووە، دورە پەرێزبوون.

-2 وەك لە هەمووان ئاشکرایە هەر مانگرتن وخۆپیشاندانێك لە کوردستان مۆڵەتی یاسایی وەرگرتبی لە حکومەت پۆلیس وئاسایش دەنێردرێت بۆ پاراستن وئارامی.. ئەمە یەکەم جاریش نی یە.

-3 پۆلیس وئاسایش هیچ رەفتارێکی نادروستیان بەرامبەر نەکردون ئەوەتا هەر خۆیان لە کۆتایی بڵاوکراوەکەیاندا دەڵێن (سوپاسیش بۆ برایانی پۆلیس وئاسایش) .

-4 لە بڵاوکراوەکەیاندا دەڵێن تا ساتی نوسینی ئەم یاداشتە (323) ئیمزا کۆکراوەتەوە گوایە لەگەڵ پشتگیری شارەکانی تر.... ئێمە هەر ئەوەندە دەڵێین بۆ سەلماندنی راستی قسەکانیان با بفەرموون ناوی ئەو هونەرمەندانە بڵاو بکەنەوە لەگەڵ شوێن وپسپۆرێکانیاندا...

رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان
2006/10/2